

# خەندەی بەجێماو

دابان عەتار

**- من منداڵم:**

ئەو ڕۆژە ناخۆشترین هەستم هەبوو، ئاوڕێکم دایەوە و سەیری خەندە جوانەکەیم کرد، ئەی قوبانی بم گوپەخان، سەرنجی منی دابوو سەرباری ئەو گریان و هاوار هاوارەی منیش، ئەو هەر پێدەکەنی! ئەو تەنیا پێکەنینی دەزانی و هەرگیز بەبێ ئەو خەندە جوانە نەمبینیوە، بیری ئەو ڕۆژانە دەکەم کە وەک منداڵێکی خۆم سینگی بلووزەکەمم ڕادەکێشا و بەزۆر لەخۆکردنێکەوە مەمکم لەدەمی دەنا و خۆم بەسەریدا شۆڕ دەکردەوە، بەڵام مەمکی چی؟ هیچ بەرزاییەکی تێدا نەبوو. ئەوە تەنیا نمایشی دایکێک بوو دەمکرد، بەڵام هەرگیز نەمتوانی ببمە دایکێکی ڕاستەقینە! ئێستا تەنیا ئێسکوپرووسک ماوم دەستم لە قەدی دایکم ئاڵاندووە، کە ئەویش پەیکەرێکی دارزاوی ئێسکە و تێکەڵی خۆڵی بیابانەکەبووین. بەرەبەرە ئێسکەکانیشمان دەبنەوە خۆڵ، کاتێک بینیم بووکەشووشەکەم وا بەخەندە جوانەکەیەوە سەرنجم دەدات، وام هەست کرد دەیەوێ بڵێ (بەتەنیا جێم مەهێڵن ئەمشەو زریان دەمچێنێ.. تەمومژ دامدەپۆشێ، مانگەشەو دەمرفێنێ)، دواتر من گوێم لەو گۆرانییە بوو ئەگینا ئەوکاتە نەمدەزانی ئەوەی دەوێ. ئەوەی دەمزانی ئەوەبوو بەتەنیا دەترسێ و دەیەوێ لەگەڵ خۆمانی ببەین و لەناو ئەو گوندە خاپوور و وێرانەیەدا بەجێی نەهێڵین. هاوارم دەکرد بووکەکەم، خۆم لەدەستی دایکم ڕادەپسکاند، بەڵام بێ سوود بوو، سەربازەکان منیان گرت و نەیانهێشت بگەڕێمەوە و بووکەکەم بهێنم. گوێیان لەگریان و هاواری من نەگرت، سەربازێکی باریکەلەی ڕەشتاڵەی چاوکاڵ لەو لاوە ڕاوەستابوو، زۆر بەکزی سەیری دەکردم. ئاگام لێبوو یەک دوو جار دەیویست هەنگاو بەرەو ڕووم هەڵێنێ، پەشیمان دەبووەوە. لەو کەینوبەینەدا بوو بینیم بە هێواشی بەرەو ڕووی بووکەکەم دەڕوا، ئەفسەرەکەی بەسەریدا نەڕاندی: هۆ سەرباز بۆ کوێ؟ سەرباز ڕەنگ بەڕوویەوە نەما: گەورەم تەنیا دەچم ئەو بووکەی لەهۆوێ

کـەوتووە بۆ ئەو کـچـە بچـووکـە دەهێنم. ئەفـسـەر نەڕاندییـەوە: ڕاوەسـتـە! بۆ دەیانبـەین بۆ سـەیران؟! سەربازەکە لەجێی خۆی وشک بوو: ئەمر دەکەی گەورەم. بەبەزییەکـەوە سـەیرێکی کـردم و سـەری لەبەرخـۆی نا، بووکـەکە بەخـەندەوە سـەیری ئێمـەی دەکـرد، ئێمـەیان بەگریان و ناڵەوە بەپێش خۆیان دا.

– من گوپەی دەم بەخەندەم.

هەمیشە شانازیم بەخەندەکەمەوە کردووە و ستایشی ئەو کارگەیەم کردووە کە منی ئاوا دەم بەخەندە دروست کردووە، هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە، لەوانەیە ڕۆژێک بەهۆی ئەو خەندەیەوە شەرمەزاربم و بۆ هەتا هەتایە تف لەخۆم بکەم، تا ئەو ڕۆژەی گوندەکەیان خاپوور کرد. دەبێ هەستت چۆن بێ؟ کاتێک خۆشەویستانت لەپێش چاوت ئازاربدەن و ڕایانگوازنەوە ئەو شـوێنەی لێی گەورەبووی و بە وێنەکانی ئاشنای، خاپووربکەن و تۆیش نەتوانی کوڵی دڵت بەگریان هەڵڕێژی، یان هەر هیچ نەبێ تۆزێک غەمباری نیشان بدەی، ئەو ڕۆژە هەستم دەکرد من بێ دڵترین مەخلووقم. نەخێر من بێ دڵ نەبووم، بەڵکو ئەوان وایان دەبینی، بەڵکو من لەناخەوە دەکوڵام بۆ ئەوشـتـانەی ڕوویان دەدا، ئاخ! چەندە هەست بەشەرمەزاری دەکەم. ئێستاش کەوا سەرم بەدەستێکی ئەو کچە داماوەیە و لاشەشم بەدەستەکەی تریەوەیەتی، ئەو خەندە لەعنەتییەم هەر لەسەر زارە، هاوار هاوار و لەخۆدانە، منیش بەشەرمەزارییەکەوە بەدەستی ئەو منداڵەوە دێم و دەچم. ئەو ڕۆژە کاتێک گوندەکەیان خاپوور کرد و دەستیان لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەکانیش نەپاراست و هەموویان بە شێوەیەکی زۆر وەحشیانە بەپێش خۆ دا، ئەو ڕۆژە زیرەیەکی ترسناک ناخی بەجۆش هێنابووم، بەڵام هەرچەندی دەمکرد، نەمدەتوانی ئەو خەندەیەی سەر لێوم بگۆڕم، بەبێ دەسەڵاتی لەو ناوە فڕێدرابووم. دەبێ لەوە ناخۆشتر هەبێ لەڕۆژێکی ئاوادا بێ دەسەڵاتانە سـەیری ڕووداوەکان بکەی و پێبکەنی؟ دایکم هاواری دەکرد و خۆی لەدەستی دایکی ڕادەپسکان و ناوی منی دەهێنا. بەڵێ هاواری دەکرد گوپەخانم دەوێ.. گوپەخانم دەوێ.

چەند سەربازێک گرتیان و نەیانهێشت بگاتە من، بریا بهاتبایەو ئێستاکە لەگەڵ ئەودا بوومایە. بۆ من دایکێکی زۆر بەسۆز بوو. هەموو جارێ بەیەکەوە یاریمان دەکرد! سەربازێکی ڕەشتاڵەی باریکەلە بەرەو ڕووی من هات، بەڵام یەکێکی تر بەسەریدا نەڕاندی: هۆو سەرباز بۆ کوێ؟!

خۆزگە ئەوکاتە قسەی نەکردبا و منیش لەگەڵیان بچوومایە. ئێوە نازانن چەندە هەستم بەتەنیایی کردووە و دەیکەم. سەرنجم لێیاندابوو بەهیوای ئەوەی لێم تێبگەن و بزانن چەندە غەمبارم بۆیان، بەڵام ئەو پێکەنینەم، ئاخ !پێکەنین

**– من سەربازبووم:**

بینیم منداڵێک خۆی دەپچڕێتەوە و هاوار دەکات گوپەخانم دەوێ.. گوپەخانم دەوێ.. چەند سەربازێک گرتیان و نەیانهێشت بچێتە لای بووکەکەی. کززە لەجەرگمەوە هات. چەند جارێک ویستم بچم هاوکاری بکەم، بەڵام پەشیمان دەبوومەوە. دواتر زۆرم لەخۆم کرد، گوتم هەرنا با بچم بووکەکەی بۆ بهێنمەوە، بەڵام ئەفسەرەکەمان هاواری کرد: هۆو سەرباز، بۆ کوێ؟ خراپتر لە مردن چییە؟ مەگەر بێ دەسەڵاتی لە مەرگ خراپتر نییە؟ بە غەمێکی قووڵەوە سەری خۆم شۆڕکرد و گەڕامەوە. خەندەی بووکەشووشەکە تێکەڵ بەگریانی منداڵەکە بەناخمدا ڕۆدەچوو، لەوکاتەدا بێزم لەمرۆڤ بووەوە، تا ئێستاشی لەگەڵدابێ کەوا خەریکی هەڵکۆڵینی لمی ئەو بیابانەم، ئەو بێزە قوڕگی بەرنەداوم. نازانم پاشی چی ئێستا هاتوومە و خەریکی هەڵکۆڵینی لمی ئەو بیابانەم؟ نازانم دەمەوێ بەدوای چیدا بگەڕێم؟ دوای تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵە، مەگەر ئێسکم دەست کەوێ. هەر ئەو ڕۆژە خەڵکەکەمان بەهۆی چەند زیلێکەوە بۆ ناو جەرگەی بیابان گواستەوە و بەبڕیارێکی خێرا لەناو قۆڵتێکی گەورەمان کردن و گوللەبارانمان کردن. من لەڕێزی هاوێژەراندا نەبووم، بەڵام ئامادەی مەرگەساتی ئەو ڕۆژەبووم. لەگەڵ یەکەم دەستڕێژیدا هەمان ئەو کچە بچووکەم بینی ناڵاندی و خۆی بەباوەشی دایکیداکرد. گێژەڵووکەیەکی بەهێز هەڵیکرد، بیابان وەکو گورگێکی برسی دەیلووراند، هەستم کرد دنیا کۆتایی پێهات. ناڵەی ئەو خەڵکە تێکەڵ بە لمی بیابان دەبوو، بەئاسماندا دەچوو، ترسناکترین دیمەنێک بینیبێتم ئەو ڕۆژەبوو. بیابان بەجارێک هەموومانی هەڵلووشی. ڕوحی ئەوان و ویژدانی ئێمە بەجارێک تێکەڵی گەردەلوولی لم بوون و بەئاسمانداچوون. دەترسام ئاسمان بەسەر ئەو زوڵمە

ناقـۆڵایەی ئێـمـەدا بەربێـتـەوە، لەوکـاتەوە چاوەڕێی ئاگربارانێک، زەوی شەقبوونێک، یان ڕۆچوونێکم بەسەر خاکی عـێـراقـدا بێت و ئەو خـاکـە نەگریسـە بە هەمـوو بەشـدار و تـەمـاشـاکـەرانی زوڵـمـەوە بەناخی زەویدا ڕۆبچێن. ئەم خاکە لەوەتی هەیە هەر دایکی داوێن پیسی و خوێنڕێژییـە، هەر سەرەداوی فـیـتنە و دووبەرەکـیـە. نازانم بۆچی مەرگ بەئاسانی ناتوانێت بێت و لەو هەموو چاوەڕوانیـیـە دەرم بێنێ. ئەوە من عـومـرێکە چاوەڕێی مـەرگم بێت و لەو ئازاری ویژدانە دەرم بێنێ. لەوانەیە ئەو پێکەنینەی بووکەشووشەکە یەک کـاری هەبێت کە ئازاردانی ڕوحی شەکـەت و تاوانباری منە. لەوکـاتەوە هەرگیز وازی لێ نەهێناوم و بۆ هەمیشە لەپێش چاومە، چون سـەربـاری ئەو هەمـوو زوڵـمـە بەتەوسـێکەوە پێدەکەنێت و دەڵێ: ئەی مـرۆڤ چەندە قـێـزەونی! ئای مرۆڤی قێزەون، تاکەی بەردەوام دەبی؟

تا زیاتر هەڵدەکـۆڵم، ترسم زیاتر دەبێت و دڵە کـوتەم زیاد دەکـات. ئاسـمـان ڕەش هەڵگەڕا، بۆنی خـوێن وەختەبوو گێژم بکات. ئەو کەللەسەرە بچووکە گوللەیەک ڕێک بە ناوچەوانییەوەبوو. گریانەکەی وا خەریکە کاسم بکات. هەورەکـان زیاتر و زیاتر تاریک دەبن و چڕتر دەبنەوە. شریخە و هۆڕیان وەک شینی دایکێکی جەرگ سووتاوە و دڵ دەکـات بەئاو. پۆل پۆل باڵندەی بچـووکی سپی لە ئاسمان، لە ژوور سەرم دەسووڕێنەوە و لەشێوەی مەراسیمێکی ماتەمینی بەدەنگی حەزینیان هۆرە دەڵێن. کۆمەڵێک منداڵی جل سپی و جوان بەباڵی سپییـەوە بەرەو لام دێن و کـەللەسـەرەکـەم لەدەست وەردەگـرن و بەویقارێکی زۆرەوە سەیری دەکەن. یەکێک لە منداڵەکان کە لە هەموویان جوانتر بوو، بووکەشووشەکەی لەباوەش دابوو، هەمان بووکەشووشە بوو کەللەسەرەکەی لێوەرگرتن و لەباوەشی بووکەشووشەکەی دانا. پێکەنینەکە هێشـتا لەسـەر زاری بووکەشـووشـەکـەیە و پێم دەڵێت: ئاااای مرۆڤ!!!!

دەست بەگوێمەوە دەگرم و سەیری بارینی خوێنەئاڵەکە دەکـەم بەسـەر ئێـسکوپرووسکەکـان، دەبینم چۆن ئەو منداڵانە لەشێوەی تاوسێکی زۆر جوان، چەترێکیـان لە دەورەی کەللەسەر و بووکەشووشەکە دروست کردبوو..

ئاااای مرۆڤ!!

ئەی مرۆڤ بۆ کوی؟!